# ڕادە لە گرێی ناویدا

د.قەیس کاکل تۆفیق . زانکۆی سەلاحەدین . کۆلێژی پەروەردە ـ بەشی زمانی کوردی

## پێشەکی

بابەتی (ڕادە) لە زمانی کوردیدا گرنگی پێدراوە و لە زۆربەی سەرچاوە ڕێزمانییەکاندا باسی کراوە[i] تەنانەت لێکۆڵینەوەی سەربەخۆشی لە بارەیەوە کراوە.[ii] لەم لێکۆڵینەوەیەدا پێکهاتەی (ڕادە) لەچوارچێوەی گرێی ناوی زمانی کوردی (دیالێکتی ناوەڕاست) لە ڕوانگەی تیۆری مۆرفیمەوە شی دەکەینەوە بۆچوونێکی تر لەم بارەیەوە دەخەینە ڕوو، هەوڵیش دەدەین بەڵگەی پێویست لە ئاستەکانی ڕستەسازی و واتاسازی بهێنینەوە بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەمان.

## پوختەی بۆچوونەکە

ڕ ⟸ گ.ن + گ.ك

گ.ن ⟸ (ڕادە) + ناو

ڕادە ⟸ یەکەی پێوانەیە + ئامرازی نەناسیاری

## لێکدانەوەی بۆچوونەکە:

مۆرفیم بچووکترین دانەی واتاداری زمانە. لەشیکردنەوەی مۆرفۆلۆژیدا وشەکان بەرادەیەك کەرت دەکرێن تا ئەو کاتەی توانای کەرت کردنی زیاتریان نامێنێ، بۆدەستنیشانکردنی پارچەی بچووکتر. بە شێوەیەك بچووکترین دانەی واتادا کە دەمێنێتەوە بە مۆرفیم دادەندرێت.[iii] وشەکانی (هەندێك ، تۆزێك ، فیچێك ، کەمێك ..هتد) بە لایەنی کەمەوە دەتوانرێ جارێکی تر کەرت بکرێن بۆ دوو بەش (هەند + ێك) (تۆز + ێك) (فیچ + ێك). لەبەر ئەوەی ئەم وشانە توانای کەرت کردنیان هەیە.[iv] دەبێ هەریەکێك لەمانە لە دوو مۆرفیم پێك هاتبێت کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

| مورفیمی یەکەم | مۆرفیمی دووەم |
|---|---|
| کەم | ێك |
| نەخت | ێك |
| هەند | ێك |
| تۆز | ێك |
| بەش | ێك |

خشتەی ژمارە (1)

بەشی یەکەمیان (کەم، نەخت ، هەند، تۆز ...هتد) فۆرمێکی ئازادە و بە شێوەی سەربەخۆ بەکاردێت بەشی دووەمیش (ێك) مۆرفیمی بەندە و ئەلۆمۆرفیمێکی تریشی هەیە کە بریتییە لە (ێ). ڕادە لە زمانی کوردیدا وشەی تایبەت بە خۆی نییە. واتە، بەشە ئاخاوتنێکی دیاریکراو ئەو چەمکە نانوێنێ بەڵکو بۆتەیەکی سینتاکسی ئەرکی دروستکردنی ڕادە دەبینێ و ئەو بوارە بیرییەی زمانی کوردی دادەپۆشێ. بێگومان زمان پێویستی بە بەکارهێنانی ژمارەیەکی یەکجار

زۆری راده هەیه بۆ ئەوەی ئەم بواره بیرییه پڕ بكاتەوه. پڕكردنەوەی ئەم بوارەش لەزمانی كوردیدا بەچەند وشەیەكی دیاریكراو دابین ناكرێت. بەڵكو بۆ تەی سینتاكسی بەئەركی دروستكردنی وشەی راده هەڵدەستێ نەك [v] چەند وشەیەكی دیاریكراو.

## سەلماندنی بۆچوونەكە

١. ئاشكرایە ئەم وشانەی لە خشتەی ژماره یەك خستمانه روو بۆ راده بەكاردێن و لە دوو مۆرفیم پێكهاتوون. مۆرفیمەكانی ریزی یەكەم وەك وشەیەك تایبەت بە راده [vi] نین چونكه جگه لەم چەند وشه دیاری كراوانەی لە رێزمانەكاندا دەستنیشان كراون كۆمەڵێ ناوی تریش دەتوانن بە شێوەی ئەستوونی پەیوەندیی جێ نشینی لەگەڵ وشەكانی (هەند، كەم ...هتد) دروست بكەن. بۆ نموونه: كۆمەڵێك ، قاپێك، مەنجەڵێك لە رستەكانی

كۆمەڵێك : كۆمەڵێك قوتابی لەگۆڕەپانەكەدا وەستا بوون.

قاپێك : قاپێك نیسكم بۆ تێكه.

مەنجەڵێك: مەنجەڵێك ماستم كڕی.

وشەكانی (كۆمەڵ ، قاپ ، مەنجەڵ) لەم نموونانەدا هەمان بەكارهێنانی وشەی هەند، كەم ..یان هەیە. وەك:

هەندێك كتێبم كڕی.

تۆزێك/ نەختێك/ هەندێك نیسكم بۆ تێكه.

تۆزێك/ نەختێك/ قیچێك ماستم كڕی.

وشەكانی (قاپ ، مەنجەڵ ، كۆمەڵ) ناون هەموو تایبەتییه مۆرفۆلۆژی و سینتاكسییەكانی ناویان هەیە، لەبەر ئەوەی پەیوەندیی جێ نشینی لەگەڵ هەند و نەخت و تۆز..هتد دروست دەكەن دەبێ تایبەتییەكی رێزمانی و واتایی بەیەكەوه كۆیان بكاتەوه. بە پێی لە بریتی دانان ئەوه دەسەلمێ كه مۆرفیمەكانی یەكەم راده نین و چەمكی راده لە خودی ئەم وشانەدا نییه.

٢. وشەكانی هەند، تۆز...هتد هەڵگری چەمكی راده نین و هەندێ ناوی تر دەتوانن شوێنیان بگرێتەوه لە رستەدا. ئەو پرسیاره لە لامان دروست دەبێت ئەگەر راده نەبن؟ چین؟ ناچارین بەدوای وەڵامێكی تردا بگەڕێین ئایا ئەمانه چین؟ چونكه زۆر ناوی تر دەتوانن پەیوەندیی جێ نشینی لەگەڵ ئەم وشانەدا دروست بكەن. با گریمانەی ئەوه بكەین كه ئەمانه (ناو) ن یان (ناوئاسا) ن. ئەو كاته ئەو پرسیاره بەرەو روومان دەبێتەوه بۆچی هەموو ناوێك ناتوانێ لەم بۆتەیەدا بەكار بێت؟ ئایا چ جۆره ناوێكن؟ تایبەتییەكانی ئەم كۆمەڵه ناوه چییه كه لەم بۆتەیەدا بەكاردێن؟
دوای تێڕامان لە زمانەكەو شیكردنەوەی كۆمەڵێ نموونه، سنوور و تایبەتییەكانی ئەم وشانه بەوه دەستنیشان دەكەین كه هەموو ئەو ناوانەی (ناوئاسایانەی) بۆ (پێوان) بەكار دێن لەزمانی كوردیدا دەتوانن لە م بۆتەیەدا دەربكەون. بۆ نموونه: قاپێك ، مەنجەڵێك ، قومێك، فرێك، مژێك، دونیایەك، باوەشێك، چەپكێك، كەوچكێك، كیلۆیەك ، مشتێك، عەمبارێك، فەردەیەك، مەترێك ، تەنەكەیەك، ربەیەك، خەرمانێك، چەنگێك، تۆزێك، كەمێك ، هەندێك، كارتۆنێك، كوزێك ، قاشێك، لەتكێك......هتد

هەموو ئەو وشانه لەوەدا كۆ دەبێتەوه كه دەتوانن ببن بە یەكەی پێوانه و شتیان پێ بپێورێ؛ لە رووی سینتاكسەوه هەموویان دەبن بە دیارخەری سەرەی گرێی ناوی، لە پێشەوه گرێی ناوی فراوان دەكەن. زۆربەشیان ناوی ئاسایین و جگه لەم بۆته رێزمانییه بەكارهێنانی تریشیان هەیە وەك هەموو ناوێكی تر لە زمانەكەدا كاردەكەن وەك: كۆمەڵ، باوەش، تەنەكە...هتد ژمارەیەكی كەمیان نەبێت بەكارهێنانی تریان كەمه و بە زۆری وەك یەكەیەكی پێوانه لە

زمانەكەدا بەكاردێت ئەوانیش بریتین لە: (تۆزێك ، نەختێك، ڤیچێك، هەندێك). ئەوەی جێگای سەرنجە ئەم چەند وشەیەش واتای (كەم) دەبەخشن و لەگەڵ یەكتریدا هاو واتان بە كارهێنانیان بە پێی دیالێكت و گۆڤەرەكان دەگۆڕێ. هەر بۆیەش دەتوانین هەموویان وەك وشەی هاوواتا سەیر بكەین.[vii]

٣ـ دوای ئەوەیكە بۆمان روون بۆوە دەستەی یەكەم چەمكی رادەیان تێدا نییە ئەو پرسیارە لە لامان دروست دەبێت ئایا (ێك) ئەركی رادە دەبینێ ، پێش ئەوەی گریمانەی ئەوە دابنێن كە (ێك) ئەركی رادە دەبینێ بە پێویستی دەزانین زاراوەی (مۆرف و مۆرفیم) روون بكەینەوە بۆ ئەوەی لە لێكدانەوەی بۆچوونەكانمان یارمەتییان بدەن.

### مۆرفیم

بچووكترین دانەی واتاداری زمانە لە چوارچێوەی زماندا یان ئەركێكی رێزمانی هەیە یان واتای هەیە. بە واتایەكی تر مۆرفیم بریتییە لە ئەرك یان واتای مۆرف

## مۆرف

زاراوەی مۆرف تا ئێستاش لە رێزمان و بەرهەمە زمانەوانییەكانی كوردیدا بەكارهێنانی دەگمەنە. مۆرف شێوەی فیزیایی مۆرفێمە وەك (ـەكە) مۆرفێكە و مۆرفیمی ناسیاری دەنوێنێ. یان بە پێچەوانەوە مۆرفیمی ناسیاری لەلایەن مۆرفی (ەكە)دەنوێنرێ. مەرج نییە هەموو مۆرفێك مۆرفیمێك بنوێنێ، دەشێ مۆرفێكی دیاریكراو چەند مۆرفیمێك بنوێنێ. وەك: مۆرفی (ان) دوو مۆرفیمی دەنوێنی كە بریتین لە (كۆ) و (دۆخی ئاوەڵكاری) وەك:

| مۆرف | مۆرفیم | نموونە |
|---|---|---|
| ان | كۆ | كوران شاران |
| ان | دۆخی ئاوەڵكاری | جاران بەیانیان ئێواران |

یان لە وشەیەكی دیاریكراودا ژمارەی مۆرفیمەكان لەگەڵ ژمارەی مۆرفەكان یەكسان بن. بۆ نموونە مۆرفیمی ( ) هیچ مۆرفێك نای نوێنێ. یان بە پێچەوانەوە هەندێ مۆرف لە زماندا هەن نرخی مۆرفیمیان نییە و بە (مۆرفیمی بەتاڵ)[viii] ناوە دەبرێن، بۆ نموونە: (رۆیشتم) لە چوار مۆرف پێك هاتووە، كە بریتین لە (رۆ) + (یش) + (ت) + (م). ئەم مۆرفانە سێ مۆرفیم دەنوێنن (رۆ) رەگی كارەكەیە و (ت) مۆرفیمی كاتی رابردوو و (م) مۆرفیمی رێكەوتنە (یش) مۆرفێكە ئەركی مۆرفیمی نییە.

بە بۆچوونی ئێمە مۆرفی (ێك) جگە لەوەی كە مۆرفیمی تاكایەتی و نە ناسیاری دەنوێنێ، لە بۆتەیەكی رێزمانی دیاری كراودا بە هاوبەشی لەگەڵ ئەو ناوانەی كە بۆ پێوانە كردنی كەرستە مادی و مەعنەوییەكان بەكاردێن چەمكی رادە دروست دەكات، واتا: ناوی پێوانە + ێك = رادە.

دەبێ تێبینی ئەوەش بكەین كە چەمكی رادە زۆر نزیكە لە چەمكی نە ناسیاوی و تاكایەتی، واتە دەشێ بڵێین رادە لەم بۆتە سینتاكسییەی كە بە هۆی مۆرفیمی (ێك) دروست دەبێت دوو واتا دەگەیەنێ و هەردوكیشیان چەمكی رادەیان تێدایە. كە بریتین لە:

أ- تاكایەتی ، ئامرازی (ێك) لەگەڵ ئەو یەكە پێوانەییانەی كە بەرجەستە و چەسپاون واتای تاكایەتی دەگەیەنێ بە واتای ژمارە (یەك)دێت، وەك:

كیلۆیەك شەكر

مەنجەلێك دۆلمە

ب ـ نەناسیاوی لەگەڵ ئەو یەكە پێوانە یانەی بەرجەستە و چەسپاو نین و یەكەیەكی دیاریكراو نییە. واتای

نەناسیارییەکە زاڵترە لە واتای (تاکایەتی) و واتای نەناسیاوی کردن (تەم و مژاوی کردن) ی ڕێژەی پێوانەکە دەگەیەنێ.
وەك کەمێك بەفر ، تۆزێك نان ، کوزێك شوتی ، کۆمەڵێك قوتابی ، دەدوازدە کەسێك ...هتد.
بە گشتیش هەر دوو واتاکە ئەوەندە لەیەکتر نزیکن کە زۆرجار تێکەڵی یەکتر دەبن. تەنیا چەمکی ڕادەکە بەروونیهەست پێ دەکرێ ئەمەش بە بەڵگەی ئەوەی کە هەردوو گروپ دەبن بە وەڵامی پرسیارێك کە بە (چەند) بکرێت.

**٤-مۆرفی (ێك)**

با لە مۆرفیمی (ێك) رابمێنین، بۆ ئەوەی لەسەر بنەما رێزمانییەکان ئەرکەکەی دیاری بکەین.

١. ئەم مۆرفیمە بەشێك نییە لە رۆنانی رادەکە چونکە:

أ ـ وشەکانی رادە بەکارهێنانیتریان هەیە بە بێ مۆرفیمی (ێك).

ب ـ توانای کەرت بوون و جیا بوونەوەی هەیە لە وشەی رادە

٢. بۆ جیاکردنەوەی ئەم مۆرفیمەش لە ئامرازی (نەناسیاوی و تاك) دەڵێین:

أ ـ ئامرازی نەناسیاری بە گشتی بە ناوی تاکەوە دەلکێن. واتە ئەگەر سەرەی گرێی ناوی کۆ بێت ئامرازی نەناسیاوی وەرناگرێت. وەك:

| | | | |
|---|---|---|---|
| کوڕ | کوڕان | کوڕانێك* | کوڕێک |
| شار | شاران | شارانێك * | شارێک |

بەڵام مۆرفی (ێك) کە بۆ رادە بەکاردێت، بە سەرەی ناوی کۆشەوە دەلکێت، وەك: کۆمەڵێك کوڕ، دەستەیەك سەرباز، چوار پێنج کەسێك. هەندێ جار ئەم فۆرمە لە شێوەی (کەسانێك، خەڵکانێك) بەدیار دەکەوێت کە ناوەکان کۆن و مۆرفیمی نەناسیاریان وەرگرتووە. ئەم فۆرمە نەناسیاری ناگەیەنێ بەڵکو زیاتر چەمکی رادە دەگەیەنێ بە واتای( چەند کەسێك یا چەند خەڵکێك).

٣. لە رووی سینتاکسییەوە مۆرفیمی (ێك)ی رادە لەگەڵمۆرفیمی (ێك) ی نە ناسیاری لەم خاڵانەدا جیاوازان.

أ ـ (ێك) ی نەناسیاو بەسەرەی گرێی ناوییەوە دەلکێت و لێی جیا نابێتەوە، وەك:

کوڕ

کوڕێک

کوڕێکی باڵابەرز

خانوێکی ئازاد...

بەڵام (ێك) ی رادە شوێن گۆرکێ دەکات و جگە لە سەرەی گرێیەکە دەتوانێ بە وشەی پێوانەکەشەوە بلکێت

کۆمەڵێک


کۆمەڵە کوڕێک هاتن

کۆمەڵێک کور هاتن.

ب ـ جیاوازییەکی سینتاکسی بنەرەتی کە ئەم دوو مۆرفیمە لە یەکتری جیا دەکاتەوە. لە چۆنییەتیی بەشدار بوونیان لە دارشتن و فراوانکردنی گرێی ناویدایە. وەك لە خوارەوە روونی دەکەینەوە:

## ڕۆنانی گریی ناوی

لە زمانی كوردیدا سەرەی گریی ناوی لە پیشەوە بەناو فراوان ناكریت بەلكو دیارخەرەكانی (رادە ، ژمارە، ئاوەلناو لە پلەی بالا، هەر..هتد) گریی ناوی فراوان دەكەن. لە دواوەش گریی ناوی بە چەند كەرستەیەك دەتوانرێ فراوان بكرێ وەك (ئاوەلناو، جیناوەكان، گریی بەند، پارستەی گەیەنەر..هتد).واتا لە شیوەی یاسایەكی وەك ئەمەی خوارەوە دروست دەبیت:




**ئەگەر سەرەی گرییەكە ناسراو بێت كەرستەكانی دوواوە بەهۆی بزوێنی (ە) بە سەرەكەیانەوە دەلكێن و ئەگەر نەناسراویش بیت ئەوا بەهۆی مۆفیمی (ی) ئیزافەوە لێكدەدرێن :**

مەنجەڵی دۆڵمە

مەنجەڵە دۆڵمەكە

مەنجەڵێكی دۆڵمە

كەرستەكانی پێشەوە بەشێوەیەكی گشتی بەبێ ئامرازی ئیزافە بە سەرەكانیانەو دەلكێن، رادەش وەك كەرستەیەكی پێشەوە بە دوو رێگا بەسەرەكەیەوە دەلكێت، كە ئەمانەن:

أ ـ ئەگەر مۆرفیمی (ێك) بە یەكەی پێوانەوە لكابێت ئەوا بەبێ ئامراز بەسەرەكەیەوە دەلكێت.

ب ـ ئەگەر مۆرفیمی (ێك) بە یەكەی پێوانەوە نەلكابێت و لێی دوور بكەوێتەوە لە جیاتی ئەوە بە سەرەی گرێی ناوییەكەوە بلكێت ئەوا بەهۆی بزوێنی (ە) لەیەك دەدرێن، وەك لەم نموونەیەدا روون كراوەتەوە

| لێكدانی (أ) | لێكدانی (ب) |
|---|---|
| كۆمەڵێك كور | كۆمەڵە كورێك |
| مەنجەڵێك ماست | مەنجەڵە ماستێك |
| كوزێك شووتی | كوزە شوتییەك |

خشتەی ژمارە (٢)

ئێستا پرسیارێكی وا بەرەو رووومان دەبێتەوە: لە لێكدانی (ب)دا چۆن بزانیین كەرتی دووەمی گرێیەكان (كور، ماست، شووتی) دیارخەر نیین و دیارخراون؟ بە واتایەكی تر، چۆن دەسەلمێنرێ ناوەكانی یەكەم رادەن و سەرە نین؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێین:

أ ـ ئەگەر ناوەکانی یەکەم سەرە بن ئەوا بە هۆی مۆرفیمی (ی) ئیزافە لەیەك دەدرێن کەچی لە لێکدانی (أ) بەبێ ئامراز و لە لێکدانی (ب)دا بەهۆی بزوێنی (ە) لێکدراون. چونکە لەم بۆتەیەدا ناوەکانی دووەم سەرەن، با لەم نموونەیە رابمێنین:

١ـ مەنجەڵێک شیر

٢ـ مەنجەڵێکی شیر

لە نموونەیژمارە (٢)دا بە هۆی (ی) ئیزافە لێکدراو. مەنجەڵ بووە بە سەرە و شیر بووە بە دیارخەر بەڵام لە نموونەی (١)دا (مەنجەل)أ دیارخەرە و رادەیە، (شیر)یش سەرەیە.لە روی واتاسازیشەوە نموونەی (١) باسی بڕ و چەندێتی شیرەکە دەکات بەڵام نموونەی (٢) باسی جۆری (مەنجەڵ)ەکە دەکات. بەشێوەیەکی تر رستەی (١) دەشێ ببێتە وەڵامی پرسیاری (چەند شیر) بەڵام رستەی (٢) دەبێتە وەڵامی پرسیاری (چ مەنجەڵێك).

ب ـ لە گرێی ناویدا هەردەم (ێك)ی نەناسیاری بە سەرەوە دەلکێت. بەڵام (ێك)ی رادە توانای جوڵانی هەیە ئەگەر بە رادەکەوە بلکێت یان بە سەرەکەوە. لە هەردووباریشدا بە بێ (ی) ئیزافە لەیەك دەدرێن. وەك:

مەنجەڵێک شیری کوڵاو

مەنجەڵە شیرێکی کوڵاو

سەیر دەکەین (ێك) جارێك بە مەنجەڵ و جارێك بە شیرەوە لکاوە. لە هەردوو باریشدا (ی) ی ئیزافەی وەرنەگرتووە. بەڵکو بە بزوێنی (ە) لێکدراون، لە کاتێکدا لە گرێی نەناسراودا دیارخەرەکان بەهۆی (ی) ئیزافە لێکدەدرێن

مەرج نییە رادە تەنیا لە بۆتەی (یەکەی پێوانە+ێك) دروست بێ، ئەم بارە زیاتر بۆ ناوە تاکەکان بەکار دێ، لەو بارانەی کە ژمارەی لەگەڵدا بێت لە بۆتەی (ژمارە + یەکەی پێوانە) دروست دەبێ، واە بەبێمۆرفیمی (ێك)، وەك:

دوو چەپکە گوڵ.

چوار تەنەکە ئاو

سێ پەرداخ شەربەت.

لەم نموونانەی سەرەوەدا (دوو چەپکە، چوار تەنەکە، سێ پەرداخ) رادەیان پێك هێناوە. وەك هەموو رادەیەکی تر لە پێشەوە سەرەی گرێیەکانیان فراوان کردووە کە بریتییە لە (گوڵ، ئاو، شەربەت).

دەشێ گفتوگۆی ئەوە دروست ببێ کە لە نێوان (چەپك+گوڵ ، تەنکە+ئاو ، پەرداخ+شەربەت) کامەیان سەرەن. بۆچی و بە چ بەڵگەیەك دەسەلمێنرێ کە وشەکانی یەکەم(چەپك، تەنەکە، پەرداخ) دیارخەری وشەکانی دووەمن (گوڵ، ئاو، شەربەت) و بە پێچەوانە نییە؟ چونکە لە رێزمانی کوردی وا هاتووە کە گرێی ناوی لە پێشەوە بە ناو فراوان ناکرێ. بەڵکو لە دواوە دەتوانێ ببێتە دیارخەری سەرەکە[ix] . بەپێی ئەم بۆچوونەش دەبێ وشەکانی (گوڵ، ئاو، شەربەت). دیارخەری وشەکانی پێش خۆیان بن. واتە لە بۆتەی

گ.ن ⟸ ژمارە + سەرە(ناو) + (دیارخەر)ناو

خۆیان بنوێنن. بەڵام ئێمە وای بۆ دەچیین کە ئەم بۆچوونە هەڵە بێ و لە بۆتەی ئەم یاسایەی خوارەوە ئەم گرێیانە پێك هاتبن.

گ.ن ⟸ (رادە) + ناو

رادە ⟸ ژمارە + ناو

واتە ناوەکانی یەکەم دیار خەری ناوەکانی دووەمن . چونکە ئەگەر ناوەکانی دووەم ئەرکی دیارخەری ببینن ئەوا لە بۆتەی:

دوو چەپکی گوڵ

چوار تەنەکەی ئاو

سێ پەرداخی شەربەت

بەدیاردەکەون ئەم بۆتەیەش لە زمانی کوردیدا بەدی دەکرێ. لە لایەکەوە بەهۆی ئامرازی (ی) ئیزافە لەیەک دەدرێن و لەلایەکی تریشەوە چەمکی رادە لە وشەکانی (چەپك و تەنەکەو پەرداخ) دا نامینێ ئەوکاتە ئەرکی رادە نابینن بەڵکو وەك ناوێك کاردەکەن و دەبن بە سەرەی گرێیەکان و لە دوواوە بە (گوڵ، ئاو، شەربەت) فراوان دەکرێن.

## ٥- مۆرفی (ێك) وشەی پرسی (چەند)

ئامرازی (ێك) هەندێ جار بۆ رادە بەکار دێت بەبێ ئەوەی بچێتە سەر وشەی پێوانەکە . بە تایبەت وشەی (چەند) ئەرکی رادەش دەبینێ با کەمێك لە رستەی (چەند میوانێکمان لەماڵ بوو) رابمێنین. مۆرفی (ێك) میوانی نەناسراو نەکردووە. بەڵکو پەیوەندیدارە بە وشەی (چەند) و تەمومژێکی بۆ دروست کردووە. چەمکی رادە (چەندێتی) بۆ وشەی چەند دروست کردووە. لە زۆربەی بەکارهێنانەکانی وشەی (چەند) کە وەك رادە ئەرك دەبینێ پتر مۆرفیمی (ێك) دەبێتە پاشکۆیەك و بە کۆتایی سەرەکەوە دەلکێت. وەك ئەم بۆتەیەی خوارەوە:

رادە بە هۆی مۆرفی چەند = چەند + سەرە + ێك

بەدەگمەن وشەی چەند بە بێ ئامرازی (ێك) بەکاردێت. تەنیا لە رستەی پرسدا ئاساییە ئەگەر وشەی (چەند) بە بێ ئامرازی ێك بەکاربێت. ئەمەش پێچەوانەیی بۆچوونەکەی ئێمەی ناوەستێ بەڵکو پشتگیریشی دەکات. چونکە لەرستەی هەواڵ گەیاندنا قسەکەرخۆی سەرچاوەی زانارییە لەبارەی رادەکە و دەیەوێت بە گوێگری رابگەیەنێ. بۆیە مۆرفیمی (ێك) وەك رادەیەك بەکاردەهێنێ. ((پرسیارکردن پێچەوانەی هەواڵ گەیاندن دەوەستێ چونکە رستەی هەوڵ گەیاندن زانیاری دەگەیەنێ یان بڵاوی دەکاتەوە سەرچاوەی زانیارییەکەش قسەکەرە، لە رستەی پرسیاردا پرسیارکەر گوێگر یان خوێنەر بە سەر چاوەی ئەو زانیارییە دادەنێ کە لە لای ئەم دەست ناکەوێ))[x] هەربۆیەش زانیاری دەربارەی رادەکە لە لا نییە تا دەری ببڕێ، بولکو دەیەوێت لە گوێگری وەربگرێت. ئەگەر بزانرێ رادەی (ژمارەکە) چەندە پێویستی بە پرسیارکردن نابێت. مەبەست لە پرسیارکردن بە وشەی (چەند) ئەوەیە کە زانیاری لە بارەی ژمارەکە وەربگرێ. ئاساییە ئەگەر وەڵامی پرسیارەکە بە ژمارەش بێت بەڵام ژمارەکە دیاری کراو نەبێت و گومان لە ژمارەکەدا هەبێت. گوێگر بیەوێت بەشێوەی (لەوانەیی) ژمارەکە بدات. وەك:

\+ چەند میوانمان هەبوو؟

\- چوار پێنج کەسێك دەبوون.

\- چوار پێنجێك دەبوون.

\- یەك دوانێك دەبوون.

لەم بارانەشدا ژمارەکە دیاری کراو نییە، وەك رادە وەڵامەکە دراوەتەوە و چەمکی (چەندێتی) رادەیان تێدا بە دی دەکرێ.ئەم چەمکەش بەهۆی (ێك) یان راستتر بڵێین بە هۆی بۆتە سینتاکسییەکە دروست بووە. ئەگەر ژمارەکە لەو جۆرە نەبوو کە چەندێتی (کەم و زۆری) وەك (ئیحتماڵ) پەسند بکات ئەوا ئامرازی (ێك) لەگەڵیاندا بەکار نایەت. وەك:

+ چەند کەس بوون؟

- دوو کەس بوون.

- دوو کەسێک بوون. *

تەنانەت ئەگەر لە وەڵامی پرسیاری (چەند) ژمارەی دیاری کراویش بەکار هات و ئامرازی (ێك) ی لە بۆتـەی رادە پێوە لکا، ئەوا ژمارە دیاری کراوەکە چەمکی خۆی لە دەست دەدا و رادەکە بەسەریدا زاڵ دەبێت.کە دەگوترێت.

+ چەند قوتابی لە پۆلدان؟

- دە کەسێک دەبن.

ئامرازی (ێك) واتا دیاری کراوەکەی شێواندووە و رادەکە بەسەریدا زاڵە واتە نزیك یان دەوروبەری ژمارە (دە). بۆیە دەبینین لە هەموو ئـەو نموونـانەی کە سەرەی گرێکانیان ژمارەکەی لە دانەیەك زیاترە، وەڵامی پرسیاری چەند بێت یان رادە بنوێنـێ ئـەوا ئـامرازی (ێك)ی لەگـەڵدا بەکار دێت. واتە دەشێ وشەکانی رادە لەگەڵ ئامرازی (ێك) بە دوو مۆرفیمی هاوڕێ دابنێین، کە بەیەکەوە بۆتەیەکی سینتاکسیی دروست دەکـەن، ئەم بۆتە سینتاکسییەش واتای رادە لە زمانی کوردیدا دەگەیەنێ. ئامرازی (ێك) لـەم نموونـانـەدا نابێتـە هـۆی نەناسیارکردنی سـەرەکان وەك رێزمان نووسەکان بۆی چوون.

## چەند تێبینییەك :

١- ئەوەی لەم بۆچوونەی ئێمەدا ریز پەر بێت تـەنیا وشـەی (هـەموو، گشت)ە، ئەمـەش بـەر پێوانـەی بۆچوونەکـەمان ناکەون، چونکە چەمکی گشتیەتی تێدایـە. رێـژەی یەکـەی پێوانەکە دەرنـابرن، هـەر بۆیـەش پێویسـتیان بـەم بۆتـە سینتاکسییە نییە. بەڵکو چەمکەکە لە خودی وشەکاندایە.واتا مۆرفیمی (ێـك) لەگـەڵ ئـەم وشانە نـاتوانێ رێـژە نیشـان بدا، چونکە لەم وشانەدا رێژەکە گەیشتۆتە کۆتایی بواری (رێژە) نەماوە. تەنانەت ئەگەر ئامرازی (ێك) یشیان لەگـەڵدا بەکار بێ،، واتای رادە ناگەیەنن. با لەم دوو نموونەیە ورد بینەوە:

١- (گشت) هەموو قوتابیەکان دەبێ راپۆرت ئامادە بکەن.

٢- (گشت) هەموو قوتابیەک دەبێ راپۆرت ئامادە بکەن.

لە رستەی دووەمدا جەخت کردنی زیاتر تێدایە و واتای یەکە یەکـەی قوتابیـەکان دەگەیـەنێ. واتـە (هـەموو تاکێك لـە قوتابیەکان) ئەوەی ئەم لێکدانەوەیەش زیاتر دەسـەلمێنێتەوەیە: بـەکارهێنانی مۆرفیمـی (ێـك) لەگـەل وشـەی( هـەموو، گشت) لە بۆتەی رستەی هەواڵگەیاندندا دەگمەنـە. زیـاتربۆ سەرسورمان یـان لـە بۆتـەی رستـەی فرمـاندان و شێوازی ئینشائی بەکار دێت. چەمکی ئیلزام بوونەکەش بەسەر هەموو تاکەکاندا دەسەپێنێ[xi]. وەك:

هەموو کەسێک دەتوانێ لە ئاهەنگەکەدا ئامادەبێت.

هەموو برادەرێکم دەهێنم*

پێویستە هەموو کەسێک ئازاد بێ.

هەموو کەس سەربەستە.

٢- وشەی زۆر بەبێ مۆرفیمی (ێك) بەکار دێت وەك:

زۆر جوانە.

هەرچەندە ئـەم بۆتـەیە بـۆ رستـەی سەرسورمانە بـەڵام دیسـان پێچەوانـەی بۆچوونەکـەی ئێمـە نابێتـەوە. چونکـە ئاساییەلەم رستەیەو دەیان نموونەی وەك:

چەند زۆر رەوە!

چەند جوانە!

چەند لەسەرخۆ قسە دەكات!

چەند لەسەرخۆ ئاو دەخواتەوە!

زۆر بێ سەروبەرە!

چەند بێ سەروبەرە!

وشەی (زۆر) لەگەڵ ناو بەكار نەهاتووە. بەڵكو بووە بە دیارخەر لە بەشی گرێی كاری رستەكەدایە. هەروها وشەی (چەند) یش بەواتای (زۆر) بەكار هاتووە و بەشێكە لە گرێی كارییەكە. لە نموونەكانی سەرەوەدا وشەكانی (گەلێك، زۆر، چەند) هاوواتان و دەتوانن لە شوێنی یەكتر بەكار بێن. وشەی زۆر خۆی چەمكی رادەی تێدایە، وەك روونیشمان كردەوە مۆرفیمی (ێك) رادەی گرێی ناوی نیشان دەدا و بە سەرەی گرێی ناوییەوە دەلكێت. بۆیە لەگەڵ وشەی (زۆر) بۆ نیشاندانی رادەی ئاوەڵناو بەكار نایەت. چونكە چەمكی ژمارە لە ئاوەڵناودا نییە. وەك لەناودا بەدی دەكرێ. لەلایەكی تریشەوە. دیاری كردنی رادەی ئاوەڵناو وەك ناو پێویستی بە كۆمەڵێ یەكەی پێوانەیی جیاواز نییە، بۆ ئەوەی وشەی تری لەگەڵدا بەكاربێ .چونكە خۆی شتێكی بەرجەستە نییە، بەڵكو بۆ وەسف كردنی واتای ناو بەكاردێ. وشەی (زۆر) لەگەڵ ئاوەڵناودا ئەم ئەركە دەبینێ. بەڵام وشەی(چەند) بەكارهێنانی جیاوازی هەیە، وەك: وشەی پرس، سەرسورمان، رادە....هتد. بۆ جیاكردنەوەیان لە یەكتری لە باری رادەدا پێویستی بە مۆرفیمی (ێك)ی رادە دەبێ. لە كاتێكیشدا كە بۆ رادە بەكاردێت ئامرازی (ێك) ی پێوە نالكێت، بەڵكو بە كۆتایی سەرەی ناوەكەوە دەلكێ[xii].

مۆرفیمی (چەند) شێوەیەكی تریشی هەیە كە پلەی باڵا نیشان دەدا. مۆرفیمی (ین) بە وشەی چەندەوە دەلكێ. جیاوازی نێوان (ین) و (ێك) لەوەدایە: (یك) بە (چەند)ەوە نالكێ، بەڵام (ین) راستەوخۆ پێیەوە دەلكێ. لە رووی واتایشەوە (ین) رادەیەكی باڵاتر نیشان دەدات وەك:

چەند رۆژێكە نازدارم نەبینییوە!

چەندین رۆژە نازدارم نەبینیوە!

لەو باوەڕەدام كە (ین) ئەلۆمۆرفێكی تری (ان)ی كۆ بێت.

٣- وشەی (گەلێك) لە دوو مۆرفیمی (گەل) و (ێك) پێك هاتووە. بەڵام بە شێوەیەك ئاوێتەی یەكتر بوون بەبێ یەكتری بەكار نایەن.

٥- وشەكانی (هەند، تۆز، قیچ، چۆڕ.....هتد) یەكەی پێوانەیین و واتاكانیان لە یەكترەوە نزیكە. و بە واتای (كەم) دێن. بەكارهێنانیشیان بەندە بە واتای سەرەی گرێیەكەیان. وەك: هەندێ سەرە ناژمێردرێ، لەوانە شلەمەنی. تەنانەت لە شلەمەنیەكانیش هەریەكەیان یەكەی پێوانەیی تایبەت بە خۆی هەیە. بۆیە بە پێی تایبەتیەتیی سەرەی گرێیەكە یەكێك یان زیاتر لەو یەكە پێوانەییانە پەسند دەكات و لەگەڵی بەكاردێ. بۆ نموونە:

تۆزێك كەس هاتن*

چۆڕە شیرێك

فرە شیرێك

قیچێك شیر......هتد.

## ئەنجامەكان

١- رادە لە زمانی كوردیدا بە هۆی بۆتەیەكی سینتاكسی دروست دەبێت و بەند نییە بە چەند وشەیەكی دیاری

کراوەوە. ئەم بۆتە سینتاکسییەش وای کردووەکە رادە لە زمانی کوردیدا کۆتاییەکی کراوەی هەبێت. بەرێژەی پێویستی زمانەکە، ئەم بۆتە سینتاکسییە بەرهەمی دێنێ.

٢- گرێی ناوی لە پێشەوە دەتوانرێ بەگرێی ناوی فراوان بکرێ، بە مەرجێ گرێی ناویی یەکەم لە بۆتەی رادەدا بێ. واتە لەم بۆتەیەدا ناوی یەکەم دەبێتە دیار خەری ناوی دووەم.

٣- بۆتەی سینتاکسیی رادە لە زمانی کوردیدا لە دوو شێوە دەردەکەوێ. کە بریتیین لە:

أ. ئەگەر تاك بوو.لە بۆتەی ( یەکەی پێوانە + مۆرفی (ێك)

ب ـ ئەگەر کۆش بێ لە بۆتەی (ژمارە + یەکەی پێوان) خۆی دەنوێنێ.

٤ ـ هەڵبژاردنی ناوی یەکەی پێوانە پەیوەستە بە جۆری سەرەی گرێی ناوییەکەوە لە رووی واتاسازییە وە دەبێ لەگەڵ یەکتر بگونجێن.

## پەراوێزەکان

---

[i] ـ لەوانە:

أ ـ سەعید صدقی کابان، ١٩٢٨:

ب ـ نوری عەلی ئەمین، ١٩٦٠: ٢٤،١٠٤، ١٣٢.

ج ـ جگەرخوێن ، ١٩٦١: ٨٤

و ـ ك.ك. کورد و ییف ، ١٩٨٤: ٨٧.

[ii] ـ د. یوسف شریف لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی لە بارەی رادە بە ناونیشانی **(رادە و هەندێ تێبینی دەربارەی رادە لەزمانی کوردیدا)** نووسیوە. لە**(گۆڤاری: زانکۆ ، ساڵی: سێیەم ، ژمارە: ٤، لاپەرە ١٠٣- ١٣١)** دا بڵاوی کردۆتەوە لەبەر ئەوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە پێش ئێمە بەسەر هەموو کارەکانی پێش خۆیدا چۆتەوە و سەرنج و هەڵسەنگاندنی خۆی بەرامبەریان تۆمار کردووە، بە پێویستی نازانین جارێکی تر ئەو کارە دووبارە بکەینەوە. پێمان چاکە لێکۆڵینەوەکەی د. یوسف بکەین بە خاڵی دەست پێکردن و لەوێوە هەنگاو بنێین. تێبینی و سەرنجەکانمان ئاراستەی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەکەین، لەبەر ئەوەی:

١ـ لێکۆلینەوەیەکی ئەکادیمی تایبەت بە (رادە)یە و تاکە سەرچاوەیە بە شێوەی سەربەخۆ و ئەکادیمی لە رادەی کۆڵیوەتەوە.

٢ـ لە روانگەی بۆچوونەکەی ئێمە جیاوازییەکی ئەوتۆ لە رووی تیۆرییەوە لە نێوان لێکۆڵینەوەکەی د. یوسف شەریف وسەرچاوە رێزمانییەکانی پێشووتردا نییە، تەنیا لە رووی پۆلین کردن و خستنەرووی بابەتەکان جیاوازن. لە بارەی لێکۆلینەوەکەش چەند تێبینیەکی گشتی دەخەینە روو:

**یەکەم** :ـ ئەوەی بەلامانەوە گرنگ بێت ناونیشانی لیکۆڵینەوەکە بریتییە لە **(رادە و هەندێ تێبینی دەربارەی رادە لە زمانی کوردیدا)** بەرای ئێمە برگەی **(هەندێ تێبینی دەربارەی رادە)** لە ناونیشانەکەدا نەبووایە چاکتر بوو چونکە لێکۆڵینەوەکە تۆمار کردنی چەند تێبینییەك نییە، بەڵکو لێکۆلینەوەیەکی سەربەخۆیە لە بارەی رادەوە. نووسراوە: **((سنوور و بنەمای ئەم بەشە (واتە رادە) لە رێزمانی کوردیدا دەستنیشان نەکراوە بۆیێ بە پێویستم زانی ئەم لێکۆلینەوە لەسەر ئەم بەشە چالاکەی ئاخاوتن بێ..))**. (د.یوسف شریف،١٩٩٩: ١٠٣) واتە لێکۆلینەوەکە تەنیا چەند تێبینیەك نییە، بەڵکو دیاری کردنی سنوور و پێناسە و بەسەرداچوونەوەی کارەکانی پێشتر و...هتد یە، وەك نووسراوە **((بەشی دووەمیش بریتییە لە پێناسەی رادە و**

**دەستنیشانكردنی تایبەتییەكانی ئینجا روونكردنەوەی رۆڵی رادە لەگەڵ ئاوەڵناو و گرێی ئاوەڵناوی، لەگەڵ ئاوەڵگوزارە ، لەگەڵ مۆرفیمی (نـە)ی نەرێ ، بەدوای ئەمەشدا هەندێ رۆنانی تایبەتی رادە كەلەمەوبەر باس نەكراوە نەخراوەتە روو هەروەها ئەركی رادە لە رستەدا روونكراوەتەوە** )) (د.یوسف شریف،١٩٩٩: ١٠٣- ١٠٤) لێكۆڵینەوە لەم هەموو لایەنە نابێتە (**هەندی تێبینی**)، چونكە هیچ رووێك نەماوە لە مۆرفۆلۆژی و رستەسازی و واتا ساز باس نەكرابێ. جگە لەوە لێكۆڵینەوەكە لەسەر بنەمای واتا سازیش رادەی پۆلین كردووە. بەمەش هەموو ئاستەكانی رێزمانی دەگرێتەوە لەبەر ئەوە چەمكی (**هەندێ**) لە ناونیشانەكەدا بایەخی نامێنێ و دەبێتە شتێكی زیاد ئەو كاتە گونجاو دەبوو كە چەند لایەنێكی رادە وەربگیرایە نەك لیكۆڵینەوەیەكی گشتی كە هەموو لایەنێكی رادەی گرتۆتە خۆی . هەرچەندە لێكۆڵینەوەكە لەبارەی رادەوەیە، بەڵام لە بەكارهێنانی وشەی رادە (**هەندێ**) سەركەتوو نەبووە كە كراوە بە ناونیشانی لێكۆڵینەوەكە.لە لایەكی تریشەوە پربیۆزشنی (دەر) فارسییە و لە كوردیدا (لە) بەكار دێت. پێویست بوو لە بری (**دەربارەی رادە لە زمانی كوردیدا**) ناونیشانەكە (**لە بارەی رادە لە زمانی كوردیدا**). بووایە.

**دووەم:—** لە پێناسەی رادەدا نووسراوە:(( **مەبەست لە رادە ئەو بەشانەی ئاخاوتنە كە لەرێزمانی دێریندا بە ئاوەڵكاری چەندێتی یا راناوی نادیار ناسراوە**)) (د.یوسف شریف، ١٩٩٩: ١١٩) لە بارەی ئەم پێناسەوە ئەم تێبینیانەمان هەیە:

أ—رادە بەشی ئاخاوتن نییە لە سەرچاوە رێزمانییەكاندا بە بەشی ئاخاوتن دانەنراوە.ئەوەی سەرنج راكێشە بە شێوەی كۆ (**بەشانەی ئاخاوتن**)بەكار هاتووە، واتە چەند بەشێكی ئاخاوتن دەگرێتەوە.

ب— پێناسەكە لە ئەلقەیەكی بەتاڵدا دەسورێتەوە، هیچ كاتێك بەهۆی ئەم پێناسەیەوە ناتوانرێ یەك وشەی رادە دەستنیشان بكرێ چونكە نووسراوە ((**لەرێزمانی دێریندا بە ئاوەڵكاری چەندێتی یا راناوی نادیار ناسراوە**)) واتە دەبێ هەموو پێناسە دێرینەكان لەبەر بكرێ بۆ ئەوەی ئەم پێناسەیە روون ببێتەوە.

ج— رادە زاراوەیەكی نوێیە بەرامبەر بە ئاوەڵكاری چەندێتی یان لە هەندێ باردا بەرامبەر بە راناوی نادیار بەكار هاتووە. واتە رادە و (ئاوەڵكاری چەندێتی) دوو زاراوەن بۆ هەمان شت بەكار هاتوون. لە پێناسەكەشدا لێكۆڵینەوەكە ویستوویەتی رادە بە هۆی ئاوەڵكاری چەندێتی پێناسە بكات كە هەردوكیشیان یەك شتن.

د— ئەم لێكۆڵینەوەیە كارەكانی پێشتری هەڵسەنگاندووە و كۆمەڵێ سەرنج و رەخنەی لە رێزمان نووسە دێرینەكان گرتووە و بە كارەكانییان رازی نە بووە . بەڵام نەیتوانییو پێناسەیەكی تری رادە بكات كە جیابێ لە وانی تر تەنانەت نەیتوانییوە یەكێك لە پێناسەكان هەڵبژێری و دووبارەی بكاتەوە، بەڵكو پێناسەی لێكۆڵینەوەكە ئەو چەمكە دەبەخشێ كە بڵێ (**ئەوان پێناسەیان كردووە**) ئەمەش ئاسایی بوو ئەگەر لەلای دێرینەكان پێناسەیەكی چەسپاو هەبووایە بەڵام لەكاتێكدا كۆمەڵێ پێناسەی جیاوازی (**ئاوەڵكاری چەندێتی**) لەلای دێرینەكان بەدی دەكرێ. خوێنەر بۆ كامەیان بگەڕێتەوە؟

ه- پێناسەی دێرین لەسەر بنەمای رێزمانی نە بووە پشتیان بە هەندێ بنەمای واتایی بە ستووە، ئەمە یەكێكە لە كەموكورییەكانی رێزمانی دێرین، لێكۆڵینەوەكە دووبارە توشی ئەو گیروگرفتە بۆتەوە و نەك تەنیا لەسەر هەمان بنەمای دێرین زاراوەكە پێناسە دەكات . بەڵكو خوێنەر دەخاتە گێژاوێك كە نەزانی كام پێناسە هەڵبژێرێ.

**سێیەم:—** لێكۆڵینەوەكە هەر لەلاپەڕەی (١١٩) دا دوای پێناسەكە، وشەكانی رادە پۆلین دەكا نوسراوە ((**پۆلی یەكەم ئەم جۆرە وشانە دەگرێتەوە كە لە بنەرەتدا بە واتای هەموو یان گشت بەكار دێن.ئەم وشانەش لە زمانی ئینگلیزیدا بەرانبەر بە**

**وشەی (All) دەوەستن**)) لە کوردیدا تەنیا دوو وشەی (**گشت و هەموو**) لەم جۆرەن. لە لێکۆلینەوەکەشدا تەنیا ئەم دوو وشەیەی خستۆتە روو. کە نووسراوە (**ئەم جۆرە وشانە دەگرێتەوە**)، بیر بۆ ئەوە دەچێ کە کۆمەلێ وشەی لەو بابەتە هەبن، کەچی تەنیا ئەم دوو وشە هاواتایە لە ئارادان و هەردوو وشەش کراوە بە ناونیشانی پۆلەکە و لە روونکردنەوەی جۆری وشەکانیشدا بە کاری هێنراوە کە بریتین لە (هەموو و گشت) رەنگە (ALL) ی ئینگلیزیشی بەو مەبەستە بەکار هێنرابێ تاوەکو وشەیەکی تریش زیاد ببێت.

**چوارەم:**- لێکۆلینەوەکە وەك لێکۆلینەوەیەکی زمانەوانی نەیتوانیووە دیاردەکان لێك بداتەوە تەنیا خستونیەتە روو. ئەرکی زمانەوان تەنیا بەوەندە ناوەستێ کە دیاردە زمانیەکان یان رستە نارێزمانییەکان لە رێزمانییەکان جیا بکاتەوە ، بەڵکو دەبێ هۆکاری نارێزمانی بوونەکەش دەست نیشا بکات. لە سەرتاسەری لێکۆلینەوەکە ئەم خاڵەی پشت گوێ خراوە، ئەمەش ئەگەر زمانەوانیش نەبێ دەتوانێ چەند پەرەگرافێکی وا ریز بکا، کە فلان و فلان کەرستە بەیەکەوە بەکارنایەن . بەلام بۆچی؟ هیچ لێکدانەوەیەکی بۆ ئەم دیاردە نەبووە، بۆ نوونە:

أ - ((**بەلام کابراو فلان یان کابراو فیسار لە رستەیەکدا نایەن......کەچی فلان و فیسار زۆر ئاسایی لە رستەیەکدا بەدی دەکرێن وەك : فلان و فیسار هیچیان پێ ناکرێ**)) (د.یوسف شریف، ١٩٩٩: ١١٥)

ب - (( **هاتنی ناوێك بەدوای ئەم دوو جۆرە دەبێتە دروست بوونی رستەی نارێزمانی**))(د.یوسف شریف، ١٩٩٩: ١٢٨)

ج - (( **تایبەتیەکی تری ئەم پۆلە لەوەدایە کە لەگەڵ ژمارەدا لەیەك رستە کۆ نابنەوە چونکە دەبێتە مایەی دروست بوونی رستەیەکی نارێزمانی وەك هەندێ سێ ژن. کەمێك پێنج منالْ**)) (د.یوسف شریف، ١٩٩٩: ١٢١) لێرەدا لێکۆلەر / خوێنەر کە وشەی (**چونکە**) دەخوێنێتەوە پێشبینی ئەوە دەکات کە هۆکاری ئەم دیاردەیە روون کرابێتەوە کەچی تووشی رستەی (**دەبێتە مایەی دروست بوونی رستەیەکی نارێزمانی**) دەبێت. ئەم لێکدانەوەیە ئەگەر زمانەوانیش نەبێت بە سەلیقە دەزانێت نارێزمانییە. پێویست بوو لێکۆلینەوەکە هۆکاری ئەم نارێزمانیی بوونەی دەستنیشان بکردایە.

**پێنجەم:**- کاتێك لێکۆلینەوەکە ویستوویەتی یاسایەکی رێزمانی دابرێژێ نەی توانیووە سنورێکی ورد بۆ پیادەکردنی یاساکەی دابنێ، بە شێوەیەکی نازانستی یاساکان دەربراون، بۆ نموونە وشەکانی (**هەندێجار، جاری، واش هەیە** ) لە یاساکاندا زۆر بەکار هێناوەکە ئەمش بابەتەکە لە زانستیەتی و رێبازی لێکۆلینەوەی زانستی دوور دەخاتەوە، لەوانە(( **هەندێ جۆری رادە کە نیشانەی (ێك) یان لەگەڵدا نییە ...**)) (د.یوسف شریف، ١٩٩٩: ١٢١) ((**جاری وا هەیە ئەم ئاوەڵکارانە بۆ داکۆکی دووپات بوونەوە دەبنەوە**)) (د.یوسف شریف، ١٩٩٩: ١٢٤) (( **جاری واش هەیە دوو رادە بەیەکەوە دەچنە سەر ئاوەڵناوێك و پلەی ئاوەڵناوەکە بەرز دەکەنەوە**)) (د.یوسف شریف، ١٩٩٩: ١٢٤) (( **هەندێ جار ئەم پۆلە لەگەڵ هەندێ ناودا دەردەکەوێت کە نیشانەی تاکیان پێوە بێ**)) (د.یوسف شریف،١٩٩٩: ١٢٠) ئەم دەربرینانەش لێکۆلینەوەکە لاواز دەکات و مۆرکی زانستیانەی پێوە ناهێلێ . چونکە ئەرکی زمانەوان ئەوەیە ئەم بارانە دەستنیشان بکات کە چ جارێك یان لە چ بارێکدا ئەم حالەتە روو دەدات

[iii] - بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی مۆرفیم سەیری ئەو سەرچاوانە بکە:

أ - محمد مەعروف فتاح ، ١٩٩٠،٨٠ - ٨٦.

ب - Norman C. stageber , An intoducxy English Grammar, secound edition, 1970, 85.87

[iv] - لێکۆلینەوەکە وای بۆ دەچێ کە ئەمانە یەك کەرستەن و بیرۆکەی کوردۆییف رەت دەکاتەوە کە گوتوویەتی: (**ئەمانە دوو پارچەن**). دەیەوێت داکۆکی لەوە بکات کە ئەم (ێك) ە فۆنێمی بنچی وشەکەیە نووسراوە: ((**بەلام لە راستیدا بەم شێوەیە نییە چونکە نە هەندێك لە جێناوی هەند و نە پێچێك لە پیچ ونە نەختێك لە نەخت وەرگیراون. بەلکو ئەمانە رۆنانی تایبەتین لە زمانەکەدا هەروەك لە زۆر زمانانی تر هەن و بەرادە ناو دەبرێت بەلگەشمان دووری واتای نێوان نەخت و نەختێك و هەند و هەندێك و بیچ و بیچێك و تۆز و تۆزێك کە لە بنجدا جێناو نین و بەم واتایە لە زمانی کوردیدا بەکار نایەن**)) (د.یوسف شەریف ، ١٩٩٩: ١١٤) وەلامی ئەم لێکدانەوەیە بەم چەند خالە دەدەینەوە و بەلگەکەکانی هەلدەوەشێنینەوە.

أ - دانانی مۆرفیمی (ێك) بە بەشێك لە وشەکە بە هەلە دەزانین. تەنانەت لە لاپەڕە ١٣٢دا نووسراوە ((**ئـەم (ێـك) ەی لـە دوای پۆلی دووەم بەچاو دەکەوێت ژمارە نیشان نادات بەلکو بەشێکە لە رۆنانی وشەکە، چونکە وشەیەکی وەك نەختێك پێك نەهاتووە لە (نەخت + یەك) هەروەها وشەکانی تریش لەو بابەتەن**)). رەنگە ئەم هەلەیەی لەوەوە هاتبێت کە وشەی (نەخت) ی بە تەنیا بەبەرچاوی لێکۆلەر نەکەوتبێ بۆیە ئەم بڕیارە داراوە. بەلام ئەگەر سەیرێکی فەرهەنگەکان بکەین لەوانە هەنبانـە بۆرینە ئەوا وشەی (**نەخت = تۆزقاڵ**) و (**نەخت و پوخت = بێ عەیب / گشت ، سەرلەبەر**) (**نەختۆکە = کەمۆکـە ، زۆر کـەم، ئەو نەختۆکە گەنمەم هەیە**) (**نەختە نەختە = کەم کەمە**) دەبینین

ئەوەی سەرنج راکێشە ئەوەیە ئەم لێکدانەوە بەسەر هەموو وشەکانی تردا سەپێنراوە. نووسراوە ((**هەروەها وشەکانی تریش لەو بابەتەن**)). ئەمە شایانی تێ رامانە چۆن مۆرفیمی (ێك) لە وشـەی (**کـەمێك**) و (**بەشێك**) بـە فۆنیمێك لـە (کـەم و بـەش) دادەنێت؟؟

ب - لە هەندێ باردا دەشێ دوو مۆرفیم ئاوێتەی یەك ببن لـە مێژوویێکی دوورو درێژدا بووبن بـە یـەك وشـە. هـەر یـەکێك لـە مۆرفیمە جیاوازەکان سەر بەخۆییان لەدەست دابێت و لەسەردەمێکی دواتردا بەیەکـەوە یـەك مۆرفیمیان پێك هێنابێ. لـەو کاتەدا ئاساییە ئەگەر بگوترێت مۆرفیمە بەندەکە بەشێکە لە مۆرفیمە سەربەخۆکە، وەك وشەی (نایاب) کە لـە بنچینـەدا دوو مۆرفیم بووە (نا+یاب) ، (یاب) یش رەگی چاوگی (یافتن) ی فارسییە. بـەلام لـە کوردیدا ئێستا هـەردووکیان بـوون بـەیـەك مۆرفیم . یان دوو مۆرفیمی سەربەخۆ ئاوێتەی یەکدی بوون و ئێستا مۆرفیمێکیان پێکهێناوە وەك (مورغی هوشەك) مورغ بە واتای بالندە (هوشەك) بە واتـای (وشـك) ئێستا بـووە بـە (مریشـك) بەهـەمان شێوەش (مورغـی ئـاوی) بـووە بـە (مـراوی) (د.فاروق عومەر سـدیق، محازەرەکـانی خوێندنـی بـالا: کۆرسـی ماجسـتێر، ١٩٩٣-١٩٩٤.) ئەمانـە ئاساییە. ئەگـەر بەیـەك مۆرفیم دابنرێن بەلام مۆرفیمەکانی (کەم ، شت ، تۆز...هتد بەکارهێنانیان لە ژیانی رۆژانەدا زۆرە.

ج - نووسراوە ((**ئەمانە رۆنانی تایبەتین لە زمانەکەدا هەر وەك لە زۆربەی زمانەکانی تردا هەن و بەرادە ناو دەبرێن**))، ئەمـە بـۆ بەلگـە هێنراوەتـەوە و لێکۆلینەوەکـە بـێ ئاگـا بـووە لـەوەی کـە ئـەم بەلگانـە پاشمـاوەی بـیری معیارییەکانـە لێکۆلینەوەکەی دەخاتە ریزی معیارییەوە. هەر زمانێك تایبەتییەتی خۆی هەیە ناشێ لە زمانێکی تردا ئەم بابەتە بەدی بکرێ و بەسەر کوردیدا بسەپێنرێ.

د - ئەوەی زۆر سەرنج راکێشە لێکۆلینەوەکە ئەمە بە بەلگە دەهێنێتـەوە و نووسیویەتی ((**بەلگـەشمان دووری واتـای نێوان نەخت و نەختێك** ...) لەو بارەدا دووری واتاکان ناکرێ بە بەلگـە بـۆ سـەلماندنی بۆچوونەکـە، بـەلکو تـەواو پێچەوانـەی ئەمە راستە کە واتاکە جیاواز بوو بەلگەی ئەوەیە کە دوو مۆرفیمن تەنانەت ئەو مۆرفیمەش بە مەبەستی گۆڕینی واتاکـە یـان گۆڕینی باری رێزمانی کەرەستەکە زیاد کراوە. هەروەك (محەمەد مەعروف،١٩٩٠: ٨١) دەلێ ((**ئەگەر مۆرفیمێـك بـۆ گوتنێك**

زیاد بكرێ یان لابرێ لێی واتای گوتنەكە دەگۆڕێ بۆ نموونە (شارەزا) (نەشارەزا) (شارەزایان) )). جا ئەگەر واتاكان (ناڵێم دوور نەبن چونكە دوور نین، بەڵكو جیاوازن) جیاواز نەبن. چ پێویست دەكات مۆرفیمی (ێك) زیاد بكرێ؟ دەیان و سەدان وشەی لەم بابەتە لە زمانی كوردیدا بەدی دەكرێ كە مۆرفیمێك زیاد دەكرێ واتاكەی بە تەواوی دەگۆڕێ كە چی هیچ كاتێك ئەوە ناگەیەنێت كە مۆرفیمە زیاد كراوەكە بەشێكی بنجی وشەكە بێت. بۆ نموونە: راكردن، راگەیاندن، راخستن، راكێشان، راپەڕین...هتد لە مۆرفیمی (را+كردن، گەیاندن، خستن، كێشان، پەڕین) وەرگیراوە. هیچ كاتێكیش ناگوترێت (را) بەشێكە لەم وشانە چونكە واتاكانی (كردن و راكردن) (گەیاندن و راگەیاندن)...هتد لەیەكتر دوورن. مۆرفیمی (ێك) یش لە بنچینەدا بۆ ئەوە زیاد نەكراوە كە واتەكەی بگۆڕێ چونكە واتاكانیان لە یەكترەوە نزیكە (دوور نین وەك لێكۆلینەوەكە بۆی دەچێت) بەڵكو بۆ ئەوە هاتووە كە بارە ڕێزمانییەكەی بگۆڕێ.

[v] - ئەم دیاردەیە لە زمانی كوردیدا بە شێوەیەكی فراوان بەدی دەكرێ. وەك كەمی ژمارەی ئاوەڵكارەكان لە زمانی كوردیدا وای كردووە كە بۆتەی گرێی بەند لە بری ئاوەڵكار ئەركی ئاوەڵگوزارە ببینێ لە رستەدا.

[vi] - لە ڕێزمانی كوردیدا كەباس لە بابەتی رادە دەكرێ تەنیا وشەكانی (هەندێك ، نەختێك ...) دێنە بەر چاو ، ئەوانە وا باس كراوە كە لە شێوەی بەشە ئاخاوتنێك دابن و ئەركیان تایبەت بە نیشاندانی رادە بێت تەنانەت لە فەرهەنگەكاندا وەك یەك مۆرفیم خراونەتە روو ، هەرچەندە لە شێوەی بەشە ئاخاوتندا نەخراونەتە روو بەڵام لە رووی مامەڵەكردن و پێناسە و خستنەروویاندا وەك بەشە ئاخاوتنێك هەڵسوكەتی لەگەڵ كراوە.

[vii] - لە ڕێزمانی دێریندا گرنگی زیاتر بە فۆرمی وشە دراوە بنەما سینتاكسی و پێكهاتە ڕێزمانییەكان فەرامۆش كراوە. لە سەرچاوە ڕێزمانییەكاندا (جگە لە كوردوییێڤ، ١٩٨٤: ١٣١) زیاتر جەخت لەسەر وشەكانی (كەمێك، تۆزیك، نەختێك) كراوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی پشتیان بە فۆرمی كەرستەكان دەبەست و ئەم وشانەش فۆرمی چەسپاو و نەگۆڕیان هەیە ولەبەر ئەوە تەنیا ئەم وشانەیان بەرادە داناوە وشەكانی (كۆمەڵێك، كیلۆیەك، مەنجەڵێك...هتد) پشت گوێ خراوە، چونكە لە فۆرمی تریشدا بەدەردەكەوێ و وەك ناو رۆڵی تریان هەیە.

[viii] - د. محمد معروف فتاح، محازەرەكانی خوێندنی باڵا، كۆرسی دكتۆرا، ١٩٩٨- ١٩٩٩.

[ix] بۆ زیاتر زانیاری سەیری ئەم سەرچاوانە بكە:

أ - ئێرنست مەكارەس،١٩٨٧، ١٨٣–١٨٤.

ب - د. وریا عومەر ئەمین، ١٩٨٨، ٣٣.

ج - ئاواز حەمە سدیق، ١٩٩٦، ٣١

د - د. كوردستان موكریانی، ٢٠٠٠، ٢٢.

هـ- قەیس كاكل تۆفیق، ٢٠٠٢، ١٦٥–١٧٠.

[x] - محمد معروف فتاح، زمانەوانی ، ١٩٩٠ : ٢٧

[xi] لە لێكۆلینەوەكەدا نووسراوە ((هەندێ جار ئەم پۆلە لەگەڵ هەندێ ناودا دەردەكەوێت كە نیشانەی تاكیان (یك) پێوەبێ، ئەوكاتە وشەكانی رادە(هەموو) ناگەیەنن بەڵكو بە واتای (هەر) دێن. وەك:

هەموو پیاوێك ئەوەی پێ دەكرێت = هەر پیاوێك ئەمەی پێ دەكرێت.

**گشت گیان لەبەرێك ئاو دەخواتەوە = هەر گیان لەبەرێك ئاو دەخواتەوە.))** (د.یوسف شریف ،١٩٩٩: ١٢٠)

(هەر) لەم نموونانەدا واتای (تەنیا) دەدات كە تەواو پێچەوانەی واتای (گشت، هەموو)ە نازانم ئەم دژواتایەی چۆن بە هاوواتا لەقەلەم دراوە، كە نوسراوە (**بەلكو بەواتای هەر دێت**) وشەی (هەر) خۆی جۆرە دژ واتاییەكی تێدایە كە دوو چەمكی پێچەوانەی یەكتر دەبەخشێ ئەوانیش بریتین لە واتای (نادیار، تەنیا)وەك

هەر من دێم = تەنیا من دێم

هەر كەسێك بێ رازیم = (كەسێكی دیاری كراو نییە) هەرچ كەسێك بێ

كە دەگوترێت (**هەر پیاوێك ئەمەی پێ دەكرێ**)بە واتای (هەر) تەنیا پیاوێك ئەمەی پێ دەكرێ.

xii لەسەرەتای لێكۆلینەوەكەدا بە توندی داكۆكی لەوە كراوە كە مۆرفیمی (ێك) بەشێكە لە وشەكانی رادە (سەیری (پەراوێزی ٤) ، یان (د.یوسف شریف، ١٩٩٩: ١١٤، ١٣٢) بكە). بەلام بەبێ ئەوەی ئاگاداربێ كە چی نووسیوە لەلاپەرە ١٢١ دا تەواو پێچەوانەی وتەكەی پێشتری دەلێ (( **هەندێ جۆری رادە كەنیشانەی (ێك) یان لەگەلدا نییە لە رووی رۆنانەوە وەك (چەند) بە پێچەوانەی وشەكانی تری هەمان پۆلەوە دەكرێ لەگەل چەندین ناودا دەربكەون كە ئامرازی نەناسیاریان پێوە لكا بێت.**)) نازانم ئەم بیرە دژ بەیەكانە لەناو یەك لێكۆلینەوەدا چی دەگەیەنێ ، خۆزگە لە دوو لێكۆلینەوەی جیاوازدا دەبوو.

## سەرچاوەكان


١. ئاواز حەمە سدیق، ریزبوونی كەرستە لە زمانی كوردیدا (نامەی ماجستێر)، زانكۆی سەلاحەدین، ١٩٩٦.

٢. ئێرنست مەكارەس، رستەسازی، وەرگێرانی: محەمەد مەعروف فەتاح، گۆڤاری: رۆشەنبیری نوێ، ژمارە:١١٥، سالی: ١٩٨٧.

٣. سەعید صدقی كابان، مختصر صرف و نحو كوردی، بەغدا ، ١٩٢٨.

٤. د.فاروق عومەر سدیق، محازەرەكانی خوێندنی بالا، كۆرسی ماجستێر، ١٩٩٣-١٩٩٤.

٥. قەیس كاكل تۆفیق، پەیوەندیەكانی نێو دەق، (نامەی دكتۆرا)، زانكۆی سەلاحەدین،٢٠٠٢.

٦. ك.ك. كورد و ییف ، رێزمانی كوردی بە كەرستەی دیالێكتی كرمانجی و سۆرانی، وەرگێرانی : د. كوردستان موكریانی، بەغدا، ١٩٨٤.

٧. كەوسەر عەزیز، بیردۆزی مۆرفیم و هەندێ لایەنی وشەسازی، ١٩٩١.

٨. د.كوردستان موكریانی، سینتاكسی رستەی كوردی، ٢٠٠٠.

٩. د.محەمەد مەعروف فەتاح، محازەرەكانی خوێندنی بالا، كۆرسی دكتۆرا، ١٩٩٨-١٩٩٩.

١٠. محمد معروف فتاح، زمانەوانی ، زانكۆی سەلاحەددین، ١٩٩٠.

١١. نوری عەلی ئەمین، رێزمانی كوردی، ١٩٦٠.

١٢. جگەرخوێن ، اوائو دەستورا زمانی كوردی، بەغدا، ١٩٦١.

١٣. د.وریا عومەر ئەمین، لێكدانی وشەكان، گۆڤاری: رۆشەنبیری نوێ، ژمارە: ١١٨، سالی: ١٩٨٨.

١٤. د.یوسف شەریف، رادە و هەندێ تێبینی دەربارەی رادە لە زمانی کوردیدا، **گۆڤاری: زانکۆ ، ساڵی: سییەم ، ژمارە:٤، ١٩٩٩.**

15. Norman C. stageber , An intoducxy English Grammar, secound edition, 1970.

# ABSTRACT

The title of the research is *quantity in noun phrase*. Most of kurdish grammatical sources shed light on this subject . These sources distinguish the words of quantity on the base of traditional grammar, the words like (some, many, few, little,….etc.). In this study we indicated a new view on the basis of morpheme theory and descriptive linguistics, we proved the view. This is due to making syntactic patterns for producing quantity in kurdish language.

# الخلاصة

**عنوان بحثي يتعلق بموضوع ( الظرف الكمي ) المتوفر في مصادر قواعد اللغة الكردية، و معظم هذه المصادر تعتمد على القواعد التقليدية القديمة و يتميز مفردات الظروف. و في هذا البحث قدّمنا اتجاه جديد في الظرف الكمي على أساس نظرية المورفيم و منهج الوصفي لنبرهن نتائج توجهنا الذي يعالج صياغة وعاء نحوي في الظرف الكمي في اللغة الكردية.**